# چاوپێکەوتنی سامان کەریم لەگەڵ ئۆکتۆبەردا لە پەیوەند هەڕەشەو لەشکرکێشی تورکیاوە

**ئۆکتۆبەر:ڕۆژ بەرۆژ ئەگەرەکانی هێرشی سەربازیی تورکیا بۆ سەر کوردستانی عێراق لەزیادبووندایە، ڕێگا دبلۆماسیەکان شکستیان خواردووەو هێزکۆکردنەوەو زمانی جەنگ لە پەرەسەندندایە. بەبڕوای تۆ ئامانجی تورکیا لەم هێرشەدا چیە؟ ئایا بەڕاستی ( پ.ك.ك ) یە، یان شتی دیکەی لە پشتەوەیە؟ بەڕای تۆ ئەگەری شەڕ چەندە بەهێزە؟**

**سامان کەریم:** لەسەرەتاوە پێویستە بڵێم هەم هێرشی سەربازی دەستپێکردوە، وەهەم ڕیگای دیبلۆماسی تا ئێستا بە تەواوی دانەخراوە. جەنگ، وەك هەردیاردەیەکی کۆمەلایەتی دیکە بە چەند قۆناعیکدا تێبەردەبێت. جەنگ دەستپێکردوە، فرۆکەکان بۆردومان دەکەن، تۆپەکان تۆپ باران دەکەن‌و خەڵکی ناوچەکانی ئامێدی‌و سەرسنورەکانی دیکە ئاوارەبون‌و شوێنی خۆیان بەجێهێشتوە، سوپای تورکیا هاتۆتە نێو کوردستانەوە، بەلام لە ڕیگای ڕەسمیەوە نەهاتوە واتە لە ئیبراهیم خەلیلەوە نەهاتوە،...ئەمە قۆناغیکی سەرەتایی جەنگەیەکە کە بەم شێوەیەو لە چەند قۆڵ‌و بە چەند شێوەی جیاواز دەستیپێکردوە. بەڵام دەسەلاتدارانی کوردستان‌و هەروەها عیراق وە ئەمەریکا وە بۆخودی تورکیا تا ئێستا ئەمە بە ڕەسمی ڕانەگەیەنراوە، چونکە هەریەکەیان بەرژەوەندی خۆیان هەیە لە ڕانەگەیاندنی‌دا بەتایبەت حکومەتی تورکیا چاوەڕوانی کۆبونەوەی ئەردوگان‌و بۆش دەکات لە 11/5دا. بۆیە هەم شەڕەکە دەستپیکردوە هەم بوارێکیش ماوە بۆ دیبلۆماسی. تەنانەت لەکاتی جەنگیشدا هەمیشە وابوە کە ڕیگای دیبلوماسی داناخرێت بەتەواوەتی. ڕۆشنە کە دەوڵەتی عێراق‌و سەرانی ئەم دەوڵەتەو دەسەڵاتی هەرێم‌و سەرانی ئەم هەرێمە جگە لەوەی کە کوردستان ناوچەی جەنگەکە دەبیت، ئیتر هیچ جێگاو رێگایەکیان نیەو لەمبارەوە تورکیا بەحسابیان ناهێنێت. تورکیاچاوەڕێی ڕێکەوتنە لەگەل ئەمەریکادا. ئێمە لە بەیانی حزبدا بە ڕۆشنی ئاماژەمان بەجێگاو ڕێگای حکومەتی عیراق و دەسەلاتی "فیدرالی" کورد کردوە کە لە 10/17دا بڵاومان کردوەو لە ژمارەی پێشووی ئۆکتۆبەردا هاتووە. ئەوکات کە ئیمە ئەو قسەیەمان کرد نە وەفدی عێراق چوو بوو بۆ ئەنقەرە، وە نە بەوشێوە گالتەجارانە ئیهانە یان پێکرابوو لەلایەن حکومەتی تورکیاوە.

ئەگەر جەنگ، وەك حەڵقەیەك لە حالقەکانی بەدیهێنانی سیاسەت ببینین،ئەوکات ڕودانی ئەم جەنگە مەسەلەیەکی جدییە. من پێم وایە، تورکیا لە پێناو گەیشتن بە ئامانجەکانی خۆیدا هیچ مساومەو تەنازولێك ناکات. بەم پێیەش ئەگەری شەرێکی خوێناوی‌و فراوان بەومانایەی کە تورکیا ناوچەیەکی فراوان تر لە کوردستان داگیر بکات مەسەلەیەکی جدیی‌و لەهەمانکاتدا خەتەرە بۆ سەر خەڵکی کوردستان. بیانوی ئەمجارەی تورکیا وەکو جارەکانی دیکە هەر پەکەکەیە. بەلام ئەم هیزە 16-17 سالە لەم ناوچانەدا هەیەو تورکیا بە شێوەی ئەمجارە خۆی ئامادەنەکردوە!. ئامانجی سیاسی تورکیا زۆر لە لاوازکردن‌و لێدانی پەکەکەو هەڵتەکاندنی مقەرەکانی فراوانترو گەورەترە، ئەگەر چی ئەوە یەکێکە لەئامانجە دەستبەجێکانی. ئەمجارە هێرشی سوپای تورکیا ڕاستەوخۆ لە فەشەلی ئەمەریکاو بن بەستی ئیستراتیژی‌و سیاسەتەکانی ئەوەوە دەردەکێشریت لە عێراقدا. بۆ هەموو هیزەکان چ ناوخۆو وە چ ناوچەیی‌و جیهانیەکان رۆشنە کە ئەمەریکا فەشەلی هێناوە، دەرەنگ یان زوو ناچارە عێراق بەجێبهێلێت. چونە دەرەوەی ئەمەریکا لە عێراق‌و نەبونی حکومەت‌و دەوڵەتیك لە عێراقدا، ئەو بۆشاییە گەورەیەیە کە هەر هێزە دەیەوێت لەم بۆشاییەوە جێگا پێی خۆی بەوێنەی هێزێکی ناوچەیی کە خاوەنی نفوزی سیاسی‌و سەربازی خۆی بێت لە عێراقدا دیاری بکات‌و بەم پێیە کاریگەری لەسەر گشت ناوچەی ڕۆژهەلاتی ناوەراست دابنێت. تورکیا چاوەڕیی بەدیهێنانی ئەم ئامانجە سیاسییەیە، بەتایبەت کە دەزانێت لە بەرانبەر ئیران‌و جێگاو ڕێگای ئەودا لەناوچەکەدا زۆر لە مەوقعێکی لاوازدایە. لەم ڕوانگەیەوە ئەگەر سەرنجی بدەینێ، ڕێگای دیبلۆماسی بن بەستە. لە ڕیگای دیبلوماسیەوە لە میژوودا هیچ کات نابینین کە هێزیك، وە لیرەدا مەبەستم ئەمەریکایە، دیارییەکی وا گەورە بدات بە حەریفێك کە خەریکە شکستەکەی قوڵتر بکاتەوە. بۆیە کۆبونەوەی 11/5 ناتوانێت کۆتایی بینێت بەم کێشەیە، لەوانەیە ماوەیەك ڕابیگریت بە چەند تەنازولاتێك لە لایەن ئەمەریکاوە، دیارە ئەویش بەدەوری خۆی بە فشارهێنان بۆسەر سەرانی هەردوو حزبی دەسەلاتداری کوردستان، بەلام من پێم وانیە بتوانێت وەلام بە مەسائیلە سیاسییەکانی تورکیا بداتەوە. بەم پێیە خەتەری شەڕ بەو مانایەی باسم کرد هێجگار زۆرو فراوانە.

**2- لەماوەی دوو سێ دەیەی ئەخیردا تورکیا زیاتر لە 25 جار هەر لەژێر ناوی راونانی هێزەکانی پ.ک.ک دا سنووری عێراقو کوردستانی عێراقی بەزاندووەو تەنانەت هەندێك جار هێزە دەسەلاتدارەکانی کوردستان پێش لەشکرییان بۆ کردووە، بەڵام ئەمجارەیان هەموو لایەك بە حەساسیەتێکی تایبەتەوە دەڕواننە مەسەلەکە. جیاوازی ئەم جارە لەگەڵ جارانی پێشوو چیە؟ بۆچی هەموو لایەك بەم حەساسیەتەوە لێی دەڕوانن؟!**

**سامان کەریم:** بە شێوەیەکی گشتی دەکرێت وەلامی ئەم پرسیارە لە وەلامی پرسیاری سەرەوەدا وەربگرین. هەموو لایەنەکان ئەمەریکا، پارتیو یەکێتیو بارزانیو تاڵەبانی حەقیقەتی هەلومەرجی سیاسی ئێستای عیراقو ناوچەکە دەزانن. ئەوان دەزانن کە ئەمەریکا شکستی خواردوە، دەزانن بۆش کە بە عینادی لە عێراقدا ماوەتەوەو ئەویش یەك ساڵی ماوەو ئەمەریکا ناچارە عێراق بەجیبهێلێت. بۆش نایەویت بلیّ" من شکستم خوارد" بەلام شکستی خواردوەو لایەنی کەم پێش یەك ساڵ ڕاپۆرتی بیکەر هاملتون بەرۆشنی ئەمەمان پیّ دەلێت.

ئەگەر سەرنج بدەنە دەورانی پێشوو، ئەو چەند جارەی کە تورکیا هیرشی کردوە، هەر هەمووی لە چوارچێوەیەکی سیاسی دیکەدا بوە. بۆهەریەك لە هێزەکان ڕۆشن بوە، کەئامانجی ئەو هێرشانە چیە؟! بۆ پەکەکە ڕۆشن بوە کە هێرشەکانی تورکیا سنوردارەو دیوی ئیرانیشی هەیە بەهۆی پژاکەوە، یان لەکاتی نەبونی پژاکیشدا لە پێش ساڵی 2003وە دیوی ئێران شوێنی حەوانەوەی ئەوان بوە، بەلام ئەمڕۆ لێدانی پژاكو هێرشی جمهوری ئیسلامی بۆ سەر کوردستان دیسان مەترحە، ئەو ڕیگایە ئەگەر نەگیرابیت ئەوە بەتەواوی لاواز بوە. هەروەها پەکەکە سودی لە کێبەرکیّو شەری نێوان یەکێتیو پارتی وەردەگرت وەئەمڕۆ ئەو شەڕەیان نەماوەو چارەنوسی هەردووکیان کەوتۆتە نیو "گەمەی ئەمەریکا"وە ڕیگای دیکەیان نیە، چونکە سیاسەتو ئەلتەرناتیڤو ئیستراتیژیان لایەنی کەم لە سالی 2002وەو بەتایبەت لە کۆنگرەی لەندەنەوە یەك ئامانجە، تەنانەت دورکەوتنەوەیان لەیەکتری هیچ سودێك نابەخشێت بە لاکەی دیکەیان لە هەلومەرجی ئێستاداو خۆشیان لەو راستیە گەیشتوون. بەجیا لەوە بۆ هەردوولایان رۆشن بوە کە جارەکانی دیکە تەجروبەی "هەریم" یان ناکەویتە ژێر پرسیارو توشی مەترسی نابێت، ئەمجارە وانیەو یەکێك لە ئامانجە دەستبەجێکانی دیکەی تورکیا لاوازکردنو ئالۆگۆڕپیدانی مەوقعیەتی تەجروبەی ناسیونالیزمی کوردە لە عێراق. هەندیّ جاریش وەکو خۆتان دەلێن لە تەوازنی نێوان تورکیاو ئیراندا، تورکیا بە پێش لەشکری پارتی تا رانیەو شەقلاوە هاتوە، بەڵام رۆشن بوو کە لەسایەی سیاسەتی ئەمەریکاو غەربدا: چەکوشی ئامادە " poised hammer " و پەناگای ئەمن " heaven save "و هەروەها ناوچەی دژە فڕین " no-fly zone " کە لەسەرو خەتی 36دا جێبەجێدەکران، هەر دوولای ئێرانو تورکیا سنوری دیاریکراوییان هەبوو بۆ مانەوە لە کوردستاندا یان بۆ پێچانەوەی دەسەڵاتی "هەرێم" کە لەچوارچێوەی سیاسەتی ئەمەریکادا مانای هەبوو. بۆ ئەمەریکاش لەماوەی 4 سالی رابوردودا هیرشی لەم چەشنە لە لایەن تورکیاوە مەترح نەبوە. ئەویش دەزانێت کە قەزییەکە ڕاستەوخۆ ڕووی لە سیاسەتەکانی ئەوە لە ناوچەکەدا.

بەلام ئەمرۆ ئەو چوراچێوە سیاسییە شکاوە. واتە ئەمەریکا فەشەلی هیناوە. بۆیە گشت هێز هاوسەنگی حکومەتو هێزەکانی ناوچەکەش گۆرانی گەورەی بەسەردا دێتو هەریەکە دەیەوێت گەورەترین بەش بۆخوی بەرێتو شەرەکە لەسەر ئەمەیەو هەموو ئەوە دەزانن‌و بە مپێیەش هەموو لایەك حەساس تر دەبنەوە.

**3- سێهەم : تا ئێستا گشت ئەحزابی بزوتنەوەی کوردایەتیو لەوانە یەکیتیو پارتی لەبەرانبەر جیابونەوەی کوردستانو پیکهێانی دەولەتێك لە کوردستاندا، فیدرالیەتیان کردۆتە ئامانج گوایا ئەم خواستەیان خەتەر نیەو وولاتانی ناوچەکە نابنە رێگر لە بەردەمی دا، یان لایەنی کەم بە ئەماو ئەگەرو تێبینیەکەوە قبوڵی دەکەن. بەلام ئێستا بەرۆشنی دەرکەوتوە: ڕەوتی روادوەکان بەروی کویّ دەچێت؟ سیاسەتی حزبی کۆمۆنیستی کریکاری عیراق لەمبارەوە چیە؟ خەلکی کوردستان چ ئەرکیکی لەبەرەدەمدایە؟!**

**سامان کەریم:** بەبروای من بەشی یەکەمی پرسیارەکەتان گرینگترین پرسیارێکە کە خەڵکی کوردستان لەخۆی بکات. وەڵامی دروست بەم پرسیارەش گەوەرترین دەرسێکە لە گشت تەجروبەی حزبەکانی بزوتنەوەی کوردایەتی لە عێراقدا. واتە لە مێژووی واقعی

سەرهەڵدانی ئەم بزوتنەوەیەوە لە ساڵی 1961وە تا ئێستا. گشت ئیستراتیژو تەجروبە لامەرکەزییەکانیان لە لامەرکەزیەتی رۆشنبیرییەوە بگرە تا دەگاتە ئۆتۆنۆمی و دواین جار فیدرالیەت.

لەم هەڕەشەو هێرشانەی تورکیادا بەڕۆشنی بۆ هەموو کەسێك دەرکەوت، کە نە دەوڵەتو حکومەت هەیە لەعیراقدا وە نە فیدرالیەت کەس هیچ حسابێکی بۆدەکات تەنانەت ئەو حکومەتە لاتو لەوێرە میلیشیاییەی بەغداش نیشانی دا کە حساب بۆ فیدرالیەتێك ناکات کە خۆشی بڕیاری لەسەرداوە، ئەوەتا بە ڕۆشنی چەندین خیلافی قووڵ هەیە لە نێوان دەسەڵاتی میلیشیایی بەغداو دەسەڵاتی هەرێمدا لەپەیوەند بەم کێشەیەو چۆنیەتی مامەڵە کردن لە گەڵیدا. تا ئێستا ئیمە وامان ووتوە بەلام لە رۆژنامەکانیانەوە دەیان گوت سیاسەت نازانن، دیبلۆماسی نازانن، ئیعتراف ناکەن بە فیدرالیەتو فیدرالیەتیان قبول نیە! مالکی پیاوی چاکەو خەریکە ماددەی 140 جێبەجێدەکات!! لەم قسە پوچانەیان بە ئێمە دەگووت. بەیەك هەڕەشەی جدی تورکیا فیدرالیەت چوو بەهەواداو بو بە بوخار، ماددەی 140 خۆشیان جورئەتی باسکردنی ناکەن!! تەواوی پرۆسەیەکی سیاسی کە لەکۆنگرەی لەندەنەوە وە بۆ بزوتنەوەی کوردایەتی کەلە ساڵی 1991 وە دەستپێدەکات لە عیراق و کوردستاندا بەبڕوای من لە ژێر پرسیارێکی گەورەدایەو دەرگیرە لەگەڵ بنبەستێکی قوڵدا.

ئەوان دادگایان لە ئێمە گرت وتیان باسی جیابونەوە دەکەنو خەتەرە لەسەر " ئەمنی قەومی" (بۆخۆشیان مەعلوم نەبوو کە خەتەری ئەمنی قەومی چیە لە کاتێکدا دەوڵەتت نەبێت) کەچی ئێستا فیدرالیەتەکەشیان خەتەرەو خەڵکی کوردستانی لەبەردەم شەڕێکی گەورەدا داناوە. من دەڵێم بەفەرزی ئەوەی شەرێکیش ڕوونەدات، بەلام ئەم هێرش و هەڕەشانە تەواوی ئیستراتیژی بزوتنەوەی کوردایەتی پێچایەوە لەگشت ناوچەکەدا." فیدرالیەت" بەجیا لە ناوەرۆكو ماناداری ئینسانیەکانی ئەمڕۆ ئیتر خەتەرێکیشە بۆسەر ژیانی خەڵكو دەرگیری دەگات لەگەڵ شەری مانو نەماندا بەبێ ئەوەی هیچ سودێکیشی هەبێتو کۆسپێکی چارەسەر کردبێت، هەروەك خەلکی کوردستان تەجروبەیان کرد، کە تەنانەت لەسایەی ئەم دەسەڵاتەدا نەك هەر کارەبایان نەبوو وە موحتاجی سوتەمەنی بوونو سەرکوت کران، بەڵکو نەخۆشی کولێراشی بۆ هێنان. ئێستا ئیتر پێویستە بۆخەلکی کوردستانو بەتایبەت بۆ خەلکی کوردستانی عیراق کە 15 ساڵە لە سایەی فیدرالیەتی بزوتنەوەی کوردایەتیدا دەژین، بگەنە ئەو ئەنجامەی کە وەلام بە زوڵمی نەتەوەیی لەسایەی ئیستراتیژییەکانی تا ئێستای بزوتنەوەی نەتەوەیی"کوردایەتی"دا نادرێتەوە، ئەم مێژوە بەستراوە.ئەوان پێویستیان بە چوارچیوەیەکی دیکەی فکریو سیاسی هەیە بۆ ئەوەی بتوانن لە ڕێگایەوە بگەنە کۆتایی هێنان بە زوڵمی نەتەوەیی.

بەبڕوای من کۆمۆنیزمی کرێکاری، کۆمۆنیزمی مارکسو مەنصوری حیکمەتو لینین، وەلامێكو چوارچێوەیەکی فکریو سیاسی گونجاوە بۆ دەست ڕاگەیشتنی خەڵکی کوردستان بە وەلامی خۆیانو بەدیهێنانی ئامانجەکانیان. لەکوردستانی عیراق کۆمۆنیزمی کریکاریو حزبەکەی 12 ساڵە پێداگری دەکات کە لە بەرابنەر هەلومەرجی ئیستای کوردستاندا: هەلومەرجی سەرگەردانیو دیارنەبونی ئایندەو هەلومەرجی لەسەرکاربونی بەعسو ئێستا دەسەڵاتی میلیشایی ئیسلامی سیاسی‌دا تەنیا رێگا بۆ چارەسەری "مەسەلەی کورد"جیابونەوەو پێکهێنانی دەوڵەتە. ئەم رێگایەش بێدەردی سەر نیە، بەلام پێم وابێت کەمتر لەو ڕێگایانەی دیکە دەردەسەری هەیەو وەلامێکی کۆتایش دەداتەوە بە کۆسپی خەڵك لە رزگاربونیان لە سەرگەردانیو دیارنەبونی ئایندەو ترس لە گەرانەوەی زوڵمی نەتەوەیی. لەلایەکی دیکەشەوە پەیوەندی بەوەوە هەیە کە خەڵکی کوردستان لەسایەی کام فکرو سیاسەتدا ئەم ئەرکەی بە ئەنجام دەگەیەنێت. ئەگەر لەسایەی حزبی کۆمۆنیسی کرێکاریدا و لەچوارچێوەی سیاسەتی ئەودا خۆی رێکخراو یەکگرتوو بکات، واتە سیاسەتێکی غەیرە قەومیو عەلمانیو ئینسانی هەلبژێرێت بۆخۆی، ئەوکات سیاسەتو هەنگاوەکانیو لەوانە جیابونەوەی کوردستان، یەکەم: دەبێتە جێگای ڕەزامەندی گشت خەلکی کوردستان بە تورکمانو کلدو ئاشورو هەموو زمانو ئاینەکانی دیکەشەوە، دووەم:دەبێتە جێگای هاوپشتی مەعنەویو سیاسی بزوتنەوەی موتەمەدنی دنیاو هەروەها خەڵکی ئازادیخوازی تورکیا و ئێرانیش.

سیاسەتی ئێمە لەبەرانبەر هەڕەشەکاندا، هاتنە مەیدانی خەڵکە، بەریزی سەربەخۆیی خۆیانەوە. بۆ پیشگرتن بەم هێرشانەو ئامادەبونی ڕیزی یەکپارچەی ناڕازیانی خەڵکی کوردستانە دژ بەم هێرشانەی تورکیاو ئیران... بەلام هاتنە مەیدانی خەڵك ڕێگای جۆاروجۆری هەیەو لە نارەزایەتیو خۆپیشاندانی سەرشەقامەکانەوە بگرە تا دەگاتە خۆسازادنی چەکدارنە بۆ دیفاع لە خەلکی کوردستانو لە منداڵو جگەر گۆشەکانمان، لە ژیانو گوزەرانی ملیۆنەها ئینسان. حزبی ئێمە ئەم ئەرکەی لەسەر شانە، وەخەڵکی کوردستان پێویستیان بەوەهەیە لەم چوارچێوەیەدا بیر بکەنەوە بڕیاری خۆیان بدەن ئەگەر نا تونێلەکە داخراوە یان دادەخرێت.

گەمەی ئەحزابی بزوتنەوەی کوردایەتی لە نێو سیاسەتی ئەمەریکادا خەریکی غەرق بوونەو من پێش یەك ساڵ زیاتر ئاگاداری خەڵکی کوردستانم کردۆتەوە، کە ڕیگا نەدەن هیچ قەڵەم بەدەستێکی نەتەوەیی کورد جورئەتی نوسینی ئەوەبکات کە بنوسێت "کورد لەگەمەی ئەمەریکیدا" بەڵکو بنوسێت" ئەحزابی کوردی لە گەمەی ئەمەریکدا" بۆیە جیابونەوەی ڕیزی خۆیان لە بزوتنەوەی

**کوردایەتی‌و حزبەکانیان هەنگاوی یەکەمە بۆ رزگار بوون لە هێرشی هەمە ڕۆژەی تورکیاو ئێران، لە کۆنەپەرستی دەسەلاتی میلیشایی‌و ووشکەکەڵەکی بەغداو لە تیرۆریزمی ئیسلامی سیاسی‌و لە شەڕی قەومی، لە چاوەڕوانی‌و ترس لە ئاینده.** 2007/10/27